# نیۆلیبڕالیزم تۆتالیتاریزمی ئەم سەردەمەیە

## گفتوگۆ لەگەڵ ئینزۆ تراڤێرسۆ

لە فارسییەوە: ئارام مەحمود ئەحمەد



**لە پانزە ساڵی ڕابردوودا (ئینزۆ ترافێرسۆ) مێژوونووسی ئیتالی و مامۆستای زانکۆی (کیرنل) لە ئەمەریکا، یەکێک بووە لە کاریگەرترین ڕووناکبیرە ڕەخنەگرەکانی ئەوروپا. کتێبەکانی وەک (خواستی توندوتیژیی نازیزم)، (ڕووخسارە نوێیەکانی فاشیزم)، (ماخولیای چەپگەرایانە: مارکسیزم، مێژوو، یادەوەری) بە خێرایی خوێنەر لە دەوریان کۆبوونەوە. یەکێک لەو کتێبانەی کەمتر ناسراوە بریتییە (تۆتالیتاریزم: چیرۆکی ڕووبەڕووبوونەوەیەک)، کە ساڵی *2002* چاپکراوە، تێیدا تیشکدەخاتە سەر لێکۆڵینەوە و مشتومڕ لە بارەی ئەم چەمکە لە سەرەتاکانی سەدەی بیستەمەوە تا ئێستا. بە بڕوای ئینزۆ ترافێرسۆ ئێستا فۆڕمێکی نوێی تۆتالیتاریانیزمی نیۆلیبڕاڵ خەریکە پێدەنێتە بوونەوە، کە لە ڕووکاردا دژایەتیی تۆتالیتاریانیزم دەکات (بازاڕ و تاکگەرایی لە سەرەوەی ئاماژەکانی ئازادی دژی کۆمەڵگەرایی نەژادی و چینایەتی).**

ئەمەی لە خوارەوە دەیخوێننەوە دەقی چاوپێکەوتنی (ئینزۆ ترافێرسۆ)یە لەگەڵ گۆڤاری (مارجینالیا).

***لە پلەی مێژوونووسێکدا کە بە وردی لەو بوارەدا کاری کردووە، سەرەتا کورتەیەکمان لە بارەی (تۆتالیتاریانیزم totalitarianism) بۆ بخەرە ڕوو، هەرچەندە ئەم چەمکە ڕەگ و ڕیشەی دەگەڕێتەوە بۆ مێژووی سەدەی بیستەمی ئەوروپا، بەڵام هۆکاری بەردەوام بەکارهێنانی ئەم چەمکە بە تایبەتی لەم چەند ساڵەی دواییدا، دەگەڕێتەوە بۆ شەپۆلێکی نوێی دژایەتیی کۆمۆنیزم و ئیسلام.**

- ئایدیای تۆتالیتاریانیزم بە درێژایی سەدەیەک ژیانی، قۆناغی جیاجیای تێپەڕاندووە، ئەم بابەتە بە شێوەیەکی ڕوو لە ڕابردوو هەواڵی ئەوە دەگەیەنێت کە ئەو ڕێگەیەی تێپەڕێنراوە بۆ ئەم ئایدیایە، هەرگیز هەموار و لەبار نەبووە و لەمپەڕی زۆری لەبەردەمدا بووە. لە ساڵانی دەیەی 1920دا دژە فاشیستە ئیتاڵییەکان بە ساختەکردنی ئەم چەمکە لە هەوڵی ئەوەدا بوون کە تاکڕەویی ڕژێمی سیاسیی مۆسۆلینی ڕەتبکەنەوە و مەحکومی بکەن. فاشیستەکان بە خێرایی هێرشیان کردە سەر و نیازی خۆیان دەربڕی کە مەبەستیان دروستکردنی (دەوڵەتێکی تەواو)ـە. لەم ڕووەوە ئەم چەمکە هاوکات لەلایەن دژە فاشیستەکان و فاشیستەکانیشەوە بەکاردەهێنرێت و واتایەکی ئەرێنی یان نەرێنی پێدەبەخشن. دەیەیەک دواتر بە گرتنە دەستی دەسەڵات لەلایەن نازییەکان و دەرکەوتنی ستالینیزم لە یەکێتیی سۆڤێت، ئەم چەمکە بە شێوەیەکی بەرفراوان بڵاوبووەوە. ساڵی 1939 دوای بەستنی ڕێککەوتنی کۆتاییهاتنی دژایەتیی نێوان یەکێتیی سۆڤێت و ئەڵمانیای نازی، کە بە جارێک (هیتلەر و ستالین)ی وەک دوو دیکتاتۆری دووانە دەناساند، چەمکی تۆتالیتاریانیزم دارێژرا و ڕێکخرا. لەگەڵ ئەوەشدا سەردەمی ئاڵتوونیی برەودان بەم چەمکە لە سەردەمی شەڕی سارددا بوو، واتا بە تەواوی ئەو کاتەی تۆتالیتاریانیزم گۆڕا بۆ ئامرازێک بۆ مەحکوم کردنی یەکێتیی سۆڤێت وەک دوژمنی (بازاڕی ئازاد). لەو کاتەوە تا ئێستا تۆتالیتاریانیزم ڕۆڵی بەرگریکردنی لە ڕۆژئاوا گێڕاوە. لە ماوەی ساڵانی شەڕی سارددا ئەو کەسانەی ڕەخنەیان لە سیاسەتی دەرەوەی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا دەگرت، بە هاوبەشی تاوان و یەکدەستی (دوژمنی تۆتالیتاریانیزم) لە قەڵەم دەدران. بۆ ماوەیەکی کورت، (دژایەتیی تۆتالیتاریانیزم) لە ژێر سایەی (مەککارتیزم)دا، گۆڕا بۆ ئایدۆلۆژیایەکی تۆتالیتاریانیزم. لە ساڵانی دەیەی 1960 و 1970دا کاتێک توێژەرانی زانکۆ کە خۆیان بۆ ئایدۆلۆژیایەکی لەو شێوەیە





*Enzo Traverso*

بەدەستەوە نەدەدا، ڕەخنەیان لە بڕەودان بە تۆتالیتاریانیزم دەگرت، ئەم چەمکە وردە وردە متمانەی خۆی لەدەستدا. تا ئەو کاتەی دوای هێرشە تیرۆریستییەکانی یانزەی سێپتەمبەر ئەم چەمکە جارێکی تر بە شێوەیەکی بەرچاو بۆ ئاماژە کردن بە بونیادگەرایی ئیسلامی زیندوو بووەوە. لەم ڕووەوە بۆمان دەردەکەوێت لەگەڵ ئەوەی ناوەڕۆکی (تۆتالیتاریانیزم) بە تەواوی گۆڕاوە، ئەم چەمکە بە شێوەیەکی بەردەوام بۆ ناونان و ئاماژەدان بە دوژمنانی ڕۆژئاوا بەکاردەهێنرێت. ئەمەش بە ناچاریی ئاماژە بە توندوتیژی دەکات لە سەدەی ڕابردوودا: لە بەرامبەر ئەو تاوانانەی تۆتالیتاریانیزم ئەنجامیدان، وەک پاکتاو و ئۆردوگاکانی مەرگ، توندوتیژیی ڕۆژئاوایی ڕەوایی پێدەدرا، یان لە کۆتاییدا لە زنجیرەیەک (لەدەستچوون یان زیانی لاوەکی)دا کورت دەکرایەوە. بە دڵنیاییەوە ئەمەش پێویستە لەبەرچاو دووربخرێتەوە کە تیۆری زۆر لە بارەی تۆتالیتاریانیزم هەن، کە ژمارەیەکیان بەسوود و جێگەی سەرنجن، بەڵام بەکارهێنانی گشتی ئەم چەمکە زیاتر بەرگریکارانە بووە.

*** میللەتەکان هەر یەکێکیان بە شێوەیەکی جیاواز تیشک دەخەنە سەر ئەو چەمکە. بۆ نموونە لە فەرەنسا تا کاتێک ساڵی 1973 بەرهەمی (سۆلجنستین) لەبارەی ئەزموونی (گولاک) لە یەکێتیی سۆڤێت چاپ نەبووبوو. پێدەچوو هیچ کەسێک گرنگیی نەدابێت بە ئەدەبیاتی تۆتالیتاریانیزم. پرسیارەکە ئەوەیە ئایا تۆتالیتاریانیزم بە ئاشکرا چەمکێک یان دیاردەیەکی ڕۆژئاواییە؟**

- لە ڕوانگەی ئەو مێژووە فکرییەی ئەم چەمکە پێیدا تێپەڕیوە، لەگەڵ بڵاوبوونەوە و بەفراوان بوونی لە جیهاندا، تۆتالیتاریانیزم وەک چەمکێکی تەواو ڕۆژئاوایی دەرکەوتووە. لە ڕاستیدا تۆتالیتاریانیزم ئاراستەیەکی جیۆپۆلەتیکیشی لەخۆگرتووە. لە ژمارەیەک وڵاتی کەناری دەریای ناوەڕاست وەک ئیتالیا، یۆنان یان



**من دەربارەی بۆچوونی پۆپەر سەبارەت بە تۆتالیتاریانیزم گومانی زۆرم هەیە: ئەو ڕەچەڵکناسییەی ئەو لە کتێبی (کۆمەڵگەی کراوە و دوژمنانی)دا وێنای دەکات ئامانجێکی زۆر سادەی هەیە**

فەڕەنسا کە حزبە کۆمۆنیستییەکان ڕۆڵێکی هەژموونییان لەناو بزووتنەوە بەرگریکارەکاندا بینیوە، ئایدیای تۆتالیتاریانیزم گومانی زۆری لە ساڵانی دوای شەڕدا دروستکرد. نیشاندانی تۆتالیتاریانیزمبوونی ئەو سیاسییانەی کە دژی دیکتاتۆرییە فاشیستییەکان و نازییەکان خەباتیان دەکرد، کارێکی دژوار بوو. لە ژمارەیەک وڵاتی ڕۆژئاوایی باسی تۆتالیتاریانیزم لە ساڵانی دەیەی 1970، هاوکات بوو لەگەڵ (قەیرانی مارکسیزم) و ڕێگەیدا بەشێکی دیاری ڕۆشنبیرە چەپەکان بەرەو فۆڕمێکی تەواو ناسراوی لیبڕالیزمی کلاسیک یان موحافیزکاری دژە کۆمۆنیستی بڕۆن. (فەیلەسوفە نوێیەکان) وەک فەڕەنسییەکان دەڵێن دیارترین دەرکەوتنی ئەم وەرچەرخانە فکری و سیاسییە بوون. (شۆڕشی موحافیزکارانە)ی ساڵانی دەیەی 1980ش دژایەتیی تۆتالیتاریانیزم و پشتیوانیی لە مافەکانی مرۆڤی کردە پیشەی خۆی.

***بۆ دۆزینەوەی ڕەگ و ڕیشەی تۆتالیتاریانیزم تا کوێ دەبێت بگەڕێینەوە بۆ ڕابردوو؟ بۆ نموونە (کارل پۆپەر) بۆ شوێنپێی بەشێك لە تۆتالیتاریانیزمی سەرەتایی لە ئەفلاتووندا دەگەڕێت، لە کاتێکدا کە (هۆرکهایمەر و ئادۆرنۆ) ڕەگ و ڕیشەکەی بە مەیلی ڕۆشنگەری بۆ عەقڵ و تەکنەلۆژیا دەگێڕنەوە.**

-من دەربارەی بۆچوونی پۆپەر سەبارەت بە تۆتالیتاریانیزم گومانی زۆرم هەیە: ئەو ڕەچەڵکناسییەی ئەو لە کتێبی (کۆمەڵگەی کراوە و دوژمنانی)دا وێنای دەکات ئامانجێکی زۆر سادەی هەیە: ئەوەی کە نیشانی بدات تۆتالیتاریانیزم و لیبرالیزم وەک دوو وتەزای ئەبەدی و بێ کات، نەک پەیوەستن بە کاتەوە، بەڵکو پەیوەستن بە خودی مرۆڤەوە.

بۆچوونی پۆپەر لەبارەی تۆتالیتاریانیزمەوە لەبەرگیراوەی فەلسەفیی ڕۆژئاوا بوو، کە پێشتر باسمان کرد. شێوازی ڕوانینی ئەدۆرنۆ و هۆرکهایمەر، بووە هۆی ئەوەی تێکڕای ڕێڕەوی فکریی شارستانێتیی ڕۆژئاوا، کە ئەویش بە شێوەی نوسراو لە سەردەمی دێرینەوە گەیشتە سەدەی بیستەم، بخەنە ژێر پرسیارەوە. ئەم دووانە لە (دیالەکتیکی ڕۆشنگەری)دا بەشێک لە مەبەستناسیی هیگڵی هەڵدەبژێرن، کە بەرهەمەکەی شتێک نییە بێجگە لە سەرکەوتن و باڵایی هزری ڕەها لە ئاستی تۆتالیتاریانیزم: واتا تێپەڕین لە عەقڵی ڕەهاوە بۆ عەقڵانییەتی ئامڕازی. ڕەخنەگری ئەمەش ڕوون و بەڵگەنەویستە، بە تایبەتی کاتێک بیرمان بێتەوە کە بە بۆچوونی براقی دژە فاشیزم دەرکەوتنی

ناسیۆنال سۆسیالیزم هاوواتا بوو لەگەڵ ئەوەی شارستانێتی کەوتە ناو گیانەوەری و بزووتنەوەی بەرگریش دەستی تۆڵە سەندنەوەیەک بوو کە لە ڕۆشنگەرییەوە سەرچاوەی گرتبوو. ئەوەشمان بیرنەچێتەوە کە ئەم ڕوانگەیەش هاوشێوەی بۆچوونی پۆپەر، دوچاری دژایەتیی مێژوو بوو. بێجگە لەوە بە بۆچوونی ئادۆرنۆ و هۆرکهایمەر تۆتالیتاریانیزم چارەنووسی مۆدێرنیتە بوو، واتا ئەوان تێروانینێکیان هەڵبژارد کە پشت بەستوو بوو بە ڕەخنە و لە هەرجۆرێک بەڵێنی سیاسی دووردەکەوتەوە (لەم ڕوانگەیەوە لەوانەیە باشتر بێت لەنێوان بیروڕای ئەم دووانە و بیرمەندانی تری قوتابخانەی فرانکفۆرت وەک بنیامین و مارکۆزە جیاوازی دابنێین).

*** کتێبی (ڕەگ و ڕیشەکانی تۆتالیتاریزم) لە نووسینی هانا ئارێنت، کە بۆ یەکەمجار ساڵی 1951 چاپکراوە. لەم دواییانەدا سەر لەنوێ چاپکراوەتەوە و دووبارە بۆتەوە جێی سەرنج. ساڵی 2017 کاتێک دۆناڵد ترەمپ بوو بە سەرۆک کۆماری ئەمەریکا لە بۆنەی بوونە سەرۆک کۆماردا کاتێک وتاری پێشکەش دەکرد. تێکرای ئەو کتێبە لە ئەمەزۆن فرۆشرا. ئارێنت بە نیو نیگایەک لە نازیزم و ستالینیزم هەوڵدەدات لە تۆتالیتاریانیزم وەك فۆرمێکی نوێ بۆ کۆکردنەوەی جەماوەر و دیکتاتۆری تاوانبار تێبگات. کە لە کۆتاییدا بە ئۆردوگاکانی کاری زۆرەملێ و ئۆردوگاکانی مەرگ دەگات. پرسیارەکەم ئەوەیە ئایا شیکاری ئەو بۆ ئەم چەمکە هێشتا بۆ ئێمە بەسوودە کە هەوڵدەدەین درك بە دیاردەی سیاسی هاوچەرخمان بین؟**

-کاتێک ئارێنت ئەو کتێبەی نووسی، واتا لە کاتی شەڕی جیهانیی دووەم و بێ دواکەوتن دوای ئەوە (ناسیۆنال سۆسیالیزم و ستالینیزم) هەردووکیان بە دیاردەی سیاسیی ڕۆژ هەژمار دەکران و هێشتا بۆ ئامانج بۆ نووسینەوەی مێژوو نەگۆڕابوون. ئارێنت مێژوونووس نەبوو، لە ڕووی مێژووییەوە کتێبەکەی ئەو زۆر تێکەڵە: چوونکە ئەو هێڵی جیاکەرەوەی ڕوونی لەنێوان ئۆردوگای کاری زۆرەملێ و ئۆردوگاکانی مەرگ دانانێت، ئەو ڕەچەڵەکناسییەی ئەو بۆ تۆتالیتاریانیزم، دژە جوولەکەیی، داگیرکاری و حکومەتی تەواو پێشکەشی دەکات، بە ئاشکرا یەکتر ناخوێنێتەوە لەگەڵ مێژووی ستالینیزم. لەگەڵ ئەوەشدا ئارێنت جەخت لەسەر ئەو خاڵە دەکاتەوە کە تۆتالیتاریانیزم دیاردەیەکی تازەدەرکەوتووی مێژووییە: سەدەی بیستەم سیستمێکی نوێی دەسەڵاتی بەخۆیەوە بینی و ئەزموونی کرد، کە ئامانجەکەی هیچ نەبوو بێجگە لە لەناوبردنی خودی سیاسەت، واتا لەناوبردنی جۆراوجۆری مرۆڤەکان. بە دەربڕینێکی تر تۆتالیتاریانیزم هەوڵدانێکە بۆ دروستکردنی تاکە کۆمەڵگەیەکی هاوشێوە، کە تێیدا هەموو فۆڕمێکی فرەیی و دابەشکردنی جەستەی کۆمەڵایەتی لە سەرچاوەوە دەخنکێنرێت. بە وتەی ئارێنت سیاسەت وتەزایەکی بووناسانە نییە، بەپێچەوانەوە خستنەڕووی کاری دیار نییە، بەڵکو کاری ژێرەوەیە (infra)، فەزایەکە کە تێیدا هاوڵاتیان سەرقاڵی مامەڵەکردنن لەگەڵ یەکتری و کەسانی تەواو جیاواز لە یەکتری، وەک ڕۆڵگێر بەرامبەر سپەری سیاسیی هاوبەش لەگەڵ یەکتردا هاوبەشن. بە بۆچوونی من ئەم پێناسەیە بۆ تۆتالیتاریانیزم وەک ئەزموونێک کە هەوڵدەدات سیاسەت بەرەو لەناوبردن ببات شایستەی ئەوەیە بپارێزرێت و جەختی لەسەر بکرێتەوە. کاتێک لە تۆتالیتاریانیزم تێدەگەین وەک فۆڕمێکی سەربازی پشتبەستوو بە دەسەڵاتی تەواو و گشتگیری دەوڵەت، لە واقیعدا لە خاڵی بەرامبەر کۆمۆنیزم دامانناوە، کۆمۆنیزم وەک کۆمەڵگەیەکی بێ چین و بێ دەوڵەتی کۆمەڵایەتیی مرۆڤە ئازاد و یەکسانەکانە.



*** روونە کە هەبوونی وردی مێژوویی و دانانی چەمك لە دەقی کۆمەڵایەتی – سیاسیدا بۆ هەر هەوڵێك بە مەبەستی تێگەشتنی زیاتری تۆتالیتاریانیزم گرنگیی بەرچاوی هەیە. لەگەڵ بوونی ئەوەشدا ئەگەری ئەوە هەیە، یان بە بۆچوونی تۆ لە بنەڕەتدا سوودێکی هەیە ئاماژە بە ژمارەیەك لە گرنگترین تایبەتمەندییەکانی بکەیت؟ بە لایەنی کەمەوە بۆ مەبەستی توێژینەوە، بە بۆچوونی تۆ گرووپێکی نمونەیی بەهایەکی تایبەتیی هەیە یان نەخێر؟**

- توێژەرانێک هەن هەوڵیاندا (گرووپێکی نمونەیی) تۆتالیتاریستانە دروستبکەن. بە وتەی (کارل فردریش و زبیگنیف برژینسکی) پێشکەشکارانی پێناسەیەکی تیۆری زۆر سەرکەوتوو بۆ تۆتالیتاریانیزم لە ساڵانی دەیەی 1950دا، تۆتالیتاریانیزم سیستمێکی یەکگرتووی پێکهاتوو لە پێکهاتەی جیاجیای وەک سەرکوتکردنی مافە یاساییەکان، هەڵوەشاندنەوەی فرەیی و دیموکراسی نوێنەرایەتی، سیستمی سیاسی تاک حزبی، ڕابەرایەتیی کاریزمایی، هەبوونی ئایدۆلۆژیایەکی ڕەسمی و ئۆردوگای کاری زۆرەملێ. گرنگیی ئەم گروپە نمونەییە لەوەدایە کە توانای پێویستی هەیە بۆ ئەوەی فاشیزم و ستالینیزم لەناو خۆیدا بگونجێنێت. ئەگەر پێناسەکەی ئارێنت بۆ تۆتالیتاریانیزم پەسەند بکەین، کە لەسەر ئەو بنەمایەی سیستمی تۆتالیتار سەربازییە و سیاسەت بەرەو لەناوچوون دەبات، ئەو کاتە پێویستە بیرمان بێت کە ئەم سیستمە لەوانەیە بێ ئەوەی کە لە هیچ گرووپێکی نمونەییدا بێت، لە قاڵبی شێواز و وێنەی جیاوازدا دەربکەوێت. لەم ڕووەوە تۆتالیتاریانیزم نابێت لە فۆرمەکانی سەدەی بیستەمدا کورت بکرێتەوە.

جیهان وەک شتێک وایە کە تێیدا مرۆڤەکان و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان وەک کاڵایان لێهاتووە، جیهانێک کە تێیدا بازاڕ بۆ یەک مۆدێلی مرۆڤناسی و جیهانگیر گۆڕاوە و مرۆڤ بەدەر لە بازنەی تاکگەرایی و کێبڕکێ ناتوانێت درک بە پەیوەندییەکانی خۆی بکات، ئەو جۆرە جیهانە بێگومان تۆتالیتاریانەیە. ئەوەی جێی سەرسوڕمانە ئەوەیە کە ئێستا فۆرمێکی نوێی تۆتالیتاریانیزمی نیولیبراڵ خەریکە پێدەنێتە بوونەوە، کە لە بەرگی دژایەتی تۆتالیتاریانیزمدا دەردەکەوێت (بازاڕ و تاکگەرایی وەک هێما بۆ ئازادی دژ بە کۆگەرایی نەژادی و چینایەتی).

**ئەگەر پێناسەکەی ئارێنت بۆ تۆتالیتاریانیزم پەسەند بکەین، کە لەسەر ئەو بنەمایەی سیستمی تۆتالیتار سەربازییە و سیاسەت بەرەو لەناوچوون دەبات، ئەو کاتە پێویستە بیرمان بێت کە ئەم سیستمە لەوانەیە بێ ئەوەی کە لە هیچ گرووپێکی نمونەییدا بێت، لە قاڵبی شێواز و وێنەی جیاوازدا دەربکەوێت**

***(شۆڕشی موحافیزکارانە) لە ئەڵمانیا دوای شەڕی جیهانیی یەکەم ڕوویدا و هاوشێوەی هەموو بزووتنەوەیەکی موحافیزکارانەی تر لە هەوڵی ئەوەدا بوو کە خاڵێکی کۆتایی بێت بۆ جوڵانەوەی لیبرالیزم و کۆمۆنیزم، لە ئەڵمانیای دوای شەڕی جیهانیی دووەم بزوتنەوەی موحافیزکاری ئیتر بوونی نەبوو، بەڵام ئێستا بینەری دەرکەوتنەوەیەکی تری موحافیزکاریین، شەپۆلی نوێی موحافیزکاری و ناسیۆنالیزم لەپاڵ بزووتنەوەی دوژمنکارانەی دژە کۆمۆنیزم لە ئەوروپا و ویلایەتە یەکگرتووەکان چۆن ڕووندەکەیتەوە؟**

-لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا (شۆڕشی موحافیزکارانە) لە ئەڵمانیا بەها موحافیزکارییەکانی (کە ئایزا بەرلین و زیو ئیشترنیل-یان وەک دژە ڕۆشنگەری ناوبرد) لەگەڵ چینێکی ڕەسەن کە باوەڕیان بە تەکنەلۆژیا و پیشەسازی و زانستی مۆدێرن هەبوو ئاوێتە کرد. ڕاستە کە سەردەمی ئەو ئاڕاستەیە بە کۆتا گەیشتووە، بەڵام ساڵانی کۆتایی سەدەی بیستەم فۆڕمێکی نوێی لە (نیوموحافیزکاری) هێنا کە بازاڕ و تاکگەرایی و سەرمایەداری لە بەرامبەر شۆڕشە کۆمۆنیستییەکان و ئامانجەکانی یەکسانیخوازی سەرچاوە گرتوو لە هێزی خەیاڵی دوای شەڕ، دادەنا. تا ئەو شوێنەی کە زۆرێک لە ڕاستەکان دژی بەجیهانیبوونی نیولیبراڵ (واتا فۆڕمی ئەمڕۆی تۆتالیتاریانیزم) وەستانەوە، ئەوانە تۆتالیتاریانیست نەبوون بەڵکو بێگومان موحافیزکار بوون. ئەوان کاردانەوەی موحافیزکارانەن بەرامبەر تۆتالیتاریانیزمی هاوچەرخ. کاتێک سەرقاڵی بەرەنگاربوونەوەی پۆست فاشیزم و پۆپۆلیزمی ڕاست و فۆڕمەکانی تری ڕاستەکانین، پێویستە ئاگاداری ئەو بابەتە بین. وەک چۆن ناکرێت بە ناوی ناسیۆنالیزم یان موحافیزکارییەوە دژی تۆتالیتاریانیزمی هاوچەرخ بوەستینەوە، بە پێکهێنانی بەرەیەکی یەکگرتوو لەگەڵ بەرگریکارانی نیولیبراڵیش ناتوانین بکەوینە دژایەتی کردنی پۆست فاشیزم.

***لە بەشێکی زۆری سەدەی بیستەمدا دژایەتیی فاشیزم لەگەڵ دژایەتی بۆ ئاشتی وەك یەك دادەنران. لەگەڵ ئەوەشدا ئێستا بینەری ئەوەین کە**




نیۆکۆنزەرڤاتیڤیزم سەرمایەداریی لە بەرامبەر شۆڕشە کۆمۆنیستییەکاندا دانا

**بزووتنەوەی دژە تۆتالیتاریانیزم مەیلی ئەوەی هەیە وێنەیەکی توندوتیژ و نادیالەکتیکی و پاوانخواز لە بزووتنەوە و چالاکوانە نەیارەکانی شەپۆلی ڕوو لە زۆری توندڕەویی ڕاستەکان بخاتەڕوو. بە ڕاستی بابەتەکە چییە؟ لە ئەمڕۆدا بەهای مێژوویی یان پەیوەندیی سیاسی دژایەتیی فاشیزم چییە؟**

-بە بۆچوونی من دژایەتیی فاشیزم و ئاشتیخوازی نابێت بە بەرامبەر و یەکسان دابنێین. لە ساڵانی کۆتایی دەیەی 1930دا بە تایبەتی دوای کۆنفرانسی میونخی ساڵی 1938، ئاشتیخوازی هاوتا بوو لەگەڵ خۆبەدەستوەدان و بوون بە فاشیزم و دواتر زۆرێک لە ئاشتیخوازەکان ڕوویان لە هاوکاریکردنی فاشیستەکان کرد. دوای 1941 دژایەتیی فاشیزم، بریتیبوو لە بەرەنگاریی چەکدارانە دژی داگیرکاری نازییەکان. ئەمڕۆ دەستبردن بۆ کاری توندوتیژی لەلایەن بزووتنەوەکانی وەک (گیانی ڕەشپێستەکان گرنگە) لە ویلایەتە یەکگرتووەکان، یان (بەرگریی فەڵەستینییەکان) لە غەزە و کەناری ڕۆژئاوا بە تەواوی لەلایەن خەڵکەوە پەسەندکراوە. بە بۆچوونی من دژایەتیی شەڕەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکان و ڕۆژئاوا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست نابێت بە ناوی ئاشیخوازییەوە ئەنجام بدرێت، بەڵکو پێویستە بە ناوی ئازادی و ڕزگاربوون لە کۆت و بەند و داگیرکاریی ئیستیعماری نوێوە باسبکرێن. ئاشتیخوزی لە سوریا هیچ واتایەکی نییە. ئەگەر دیموکراسی لە حوکمی سەرکەوتنێکی مێژوویدا ببینین نەک پێکهاتەیەکی ڕێکخراو، یان بە دەربڕینێکی تر فۆڕمێک بۆ ڕێکخستنی دەسەڵاتی زۆرینە، ئەو کاتە زۆرێک لەو وڵاتانەی لە ڕابردوودا ئەزمونی فاشیزمیان تێپەڕاندووە نابێت ئەوەی هابرماس بە (دژی دژە فاشیزم) ناوی دەبات، پەسەند بکەن.

*** ساڵی 1989 تەنیا ئەوە دیواری بەرلین نەبوو کە ڕووخا، بەڵکو لەگەڵ ئەودا سەرجەم دووبارە نمایشکراوەکانی جیهانی ئەویش کاڵ بوونەوە. پێدەچوو دیموکراسی لیبراڵی ڕۆژئاوا لەلایەن جیهانەوە پێشوازی لێبکرێت. ئەمڕۆ سەد ساڵ دوای شۆڕشی ڕووسیا کە زۆرێك وەك نارەزایەتییەك، بە قۆناغێکی تاوان لە مێژووی سەدەی بیستەمدا ناوی دەبەن و دوای شەپۆلی ئەو شۆڕشانەی لە چەند ساڵی ڕابردوودا لە گۆشە و کەناری جیهان دەستیانپێکرد، دەتوانرێت بگوترێت کە کاریگەریی بەجێماوی ئەو شۆڕشە لەسەر جیهان هێشتا بە تەواوی درکی پێنەکراوە؟**

ڕزگارکردنی شۆڕشی ڕووسیا بە واتای هێنانە دەرەوەی ئەم شۆڕشە لە چینە قوڵەکانی دژایەتی لەگەڵ کۆمۆنیزم و ستالینیزمە. ئەم کارە وەک ماتەمینی بۆ شۆڕشە شکستخواردووەکانی سەدەی بیستەمە. ئەم شکستە مێژووییە ڕوونکەرەوەی تایبەتمەندی و لایەنەکانی بزووتنەوەی سەرمایەدارییە نوێیەکانە (وەک داگیرکردنی واڵ ستریت، ئیندیگنادوس، گەزی پارک، بێدارانی شەو) کە لە ڕۆژئاوا دروستبوون، هەروەها شەپۆلی ئەو شۆڕشانەی کە لە دەیەی ڕابردوودا لە جیهانی عەرەبیدا ڕوویاندا. ئەم بزووتنەوانە نەیانتوانی لە هیچ شوێنێکی مێژوودا جێگەیەک بۆ خۆیان بگرن و مۆری خۆیانی لێبدەن؛ هەروەها ئەم بزوتنەوانە بانگەشەیەکیان لەبارەی میراتی شۆڕشی ڕووسیا نەخستەڕوو. ئەوان بە ناچاری سەرلەنوێ خۆیان دروستکردەوە. ئازادی و داهێنانی ئەوان ڕۆحبەخش و وزەبەخشە، لەگەڵ ئەوەی تایبەتمەندیی ناجێگیر و زووتێپەڕی ئەم بزووتنەوانە سنووری ڕاستەقینەی ئەوانە. پێم وانییە بێ (دیاریکردنی چارەنووس) بە ئەزموونی کۆمۆنیزم ئەم بزووتنەوانە بتوانن پێکهاتەی پتەو و ڕوانگەی سەرنجڕاکێش دروستبکەن. ئەمە هەروەها بەو واتایەیە کە پێویستە (دژایەتیی تۆتالیتاریانیزم) تێکبشکێنین، کە خۆی میراتی زیندووکردنەوەی نیوموحافیزکاری دەیەی 1980یە.